# ژیـــان لـــە نێـو شــوقـــەكـانــدا

## كەمال ڕەئوف: دەكرێت نیشتەجێبوانی نێو شوقە چەندین یاسایان هەبێت، وەک (ڕێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی)و پەیڕەوی بكەن


مامۆستا كەمال ڕەئوف

ئا: مەحبوبە قادر......................................

پێكەوەژیانی چەند خێزانێک لەباڵەخانەیەكدا دیاردەیەكی نوێیە، لەپێناو چارەسەركردنی كێشەی نیشتەجێبوون لەهەرێمی كوردستان پەنابراوەتە بەر دروست كردنی باڵەخانەو شوقە، لەم ساڵانەی دوایدا خەڵكی وەک زەرورەتێكی ژیانی خۆی چۆتە شوقەوە، ئەمەش وا ئەخوازێک كەهاوڵاتیان كاتێک دەچنە ناوشوقەوە دەبێت خاوەنی كۆمەڵێک هۆشیاریو زانیاری تازەبن لەسەر ئەم پێكەوە ژیانە.

لەم بارەیەوە مامۆستا (كەمال ڕەئوف) كەماوەی چەند ساڵێكە لە دەرەوەی وڵات لە نێو شوقەدا ژیانی بەسەر بردووە، لەو بارەیەوە بۆ (ئاینده) دەڵێت:" دەبێت باش بزانین كە ژیانی ناو شوقە جیاوازە كەلەخانووی خۆتدا ژیان بەسەربەریت، لەشوقەیەكدا بەلای كەمەوە (٦)ماڵ دەژین، ئەمانە كۆمەڵێک ئەركو بەرپرسیارێتی دەكەوێتە ئەستۆیان، لە پێناو ئەوەی بەیەكەوە بتوانن ژیانێكی گونجاوو شیاو بۆخۆیان فەراهەم بهێنن، كەسێک كە بڕێک پارە دەدات بەشوقەیەک ئەیەوێت بۆنمونە لەكرێچێتی یاخود لەناڕەحەتیەک ڕزگاری بێت، هەرچەندە پارەشی داوەو ئەزێتیشی كێشاوە، ئەگەر جارێكی تر بكەوێتەوە ناڕەحەتیەوە مانای وایە شتێكی نەكرد"

مامۆستا لای وایە دەكرێت چەندین یاسا هەبێت، وەک (ڕێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی) كە پێویستە نیشتەجێبوانی نێو شوقە پەیڕەوی بكەنو، دەڵێت:" دەبێت هەموویان كۆمەڵێک خاڵبەندی بكەن، بۆئەوەی ئەو ژیانەیان لەشوقەدا ژیانێكی سەركەوتوو بێتو ژیانیان ڕێک بخەن، ئەوشتانەی كە لەشوقەكەدایە ئەوخێزانانە لەسەری ڕێكەون، هەر ٦مانگ جارێک كەسێک دەست نیشان بكەن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوكاری ناو شوقەكەو، بەدواداچونو لێپرسینەوەو هەواڵ پرسینو هەندێ زانیاری گەیاندن بەیەک ( ئەگەر ئەوكەسانە زوو زوو دەنگیان بەیەک نەگات)، ئەمەش بەدەورە هەر جارەی كەسێک ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆ، ئەوەی گرنگە بۆ ئەو چەند خێزانە بەیەكەوە جێ بەجێی بكەن، ئەبێت بكرێتە كلتوور ببێتە یاسایەكی زەرورەتو واقیعی ژیان بیخوازێت، چونكە تۆ لەوێ ئەم یاسایە دروست دەكەیت، ئەبێت پێكەوە ڕێبكەون كە ئەركی پاكو خاوێنی ئەو شوێنە بگرنە دەست.

پێویستە ئەو كەسەی كە لەماوەی ئەو شەش مانگە دا ئەركەكە ئەگرێتە ئەستۆ، بپرسێتەوە لەوكەسانەی ئەگەر كەسێک بەشدار نەبوو یاخود ئەركی خۆی لەپاكو خاوێنی دا جێ بەجێ نەكرد، باشترە ئەركەكە دابەش بكرێت وەک یاسا لەسەری ڕێكەوتن ئەوا بەئاسانی كارەكان جێ بەجێ دەكرێن، شتێكی تر كەلەسەری ڕێكەون مەسەلەی دەنگە دەنگە، كە زۆر گرنگە لەشوقەدا هێمنی بپارێزرێت، لەسەر ئەو یاسایە ڕێكەون كە بوو بەكاتژمێر (١٠)ی شەو بەدواوە جموجوڵو دەنگەدەنگە كەم بكرێتەوە، ڕۆژانی پشووش نابێت كومەڵێک ڕەفتاربكرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەبێت كۆمەڵێ زانیاری بنوسرێت لە سەرەتای چونە ژوورەوەی ناوشوقەكەدا هەڵبواسرێت، بۆنمونە: ژمارە تەلەفونی ئەو كەسەی ئەو ماوەیە ئەركی ئەم شوقەیە ئەگرێتە ئەستۆ، خشتەیەک بۆ پاكوخاوێنی دابنرێت، ئەگەر كرا بەشێوەیەكی دیار، بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی لەسەر كاغەزێک بنوسی (تكایە پێڵاوەكانت دابنێ ئێرە پاكو خاوێنە) باش وایە لە سەر قاپێكی شوشەی جوان بنوسرێت، ئەمە وائەكات سەرنجی ئەوكەسەی كەدێت یان ئەو میوانەت ڕابكێشێت، ئێمە كاتێک خاوەنی بودجەیەكی تایبەت بووین یاخود گیرفانمان ئەوەند بڕی كرد ناچارین بچینە ناو ئەم یاسایانەوەو دروستی بكەین، خەڵكێكی تریش لە وڵاتانی تردا هەر بەم شێوەیە بووە ناچابووە، كە چۆتە شوقەوەو ژیانی شوقەی هەڵبژاردووە، ناچارە كۆمەڵێک ئازادی خۆی بگرێتەوە، تا ئەوەندە ئەو ئازادە كەوا دەگاتە سنوری ئازادی دراوسێكەی كە ئەو ناڕەحەت نەكات، ئەگەر ئەمڕۆ لەدەرگای ئەو ئەدەیتو بێزار دەكەیت بە جۆرێک لەجۆرەكان توشی بێزاری دەبیتەوە.

دەبێت هۆشیاریەک بڵاوبكرێتەوە لەناو كۆی تاكەكانی ئەو شوقەو باڵەخانەدا پێویستمان بەوەیە كە ڕەچاوی ئەوە بكەین كە هەیە بەساڵاچووە كاتێكی تایبەتی هەیە دەخەوێت، هەیە نەخۆشە، منداڵی بچوكمان هەیە كاتی تایبەتی خەوتنی هەیە، كۆمەڵێک قوتابیو خوێندكارمان هەیە وەكو بڵێت چارەنوسو داهاتویان بەستراوەتەوە بەوساڵەوە، هی واهەیە وەستایە كاتژمێر ٤ی بەیانی هەڵئەستێت یان كرێكارێكی خەباتەیە، بۆیە دەبێت لەكاتژمێر ١٠ی شەوەوە واز لەو تایبەتمەندیانەی خۆت بهێنیت، دەبێت ڕەچاوی ئەوانە بكەیت، لەكۆمەڵێک خۆشی خۆت خۆش بیت وەک گۆرانیو ئاهەنگی خۆت، ئەم هۆشیاریانە دەبێت زۆر ئیشی لەسەر بكرێت"

سەبارەت بە تایبەتمەندییەكانی ناوشوقە، مامۆستا كەمال وتی: " تۆ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەی لە وشوقەیەدا ئەبێت ئاگات لەبتڵە غازەكەت بێت، ئاگات لەتەپەی قاچت بێتو لەهەڵگرتنو هێنانی هەرشتێكی قورس، جاری وا هەیە لەكاتێكی ناكاتداوله بێدەنگیدا تۆ یەک زرمە دەكەیت وەک، كورد وتەنی (قومبەلەیەک تەقیبێتەوە) دەنگێكی وا دروست دەكات ئەی كەكابرا خەوی لێ تێكچوو یان نەخۆشە نایەتەوە تایم دەبێت ئاگاداربیت، یاخود جاری وایە میوانت هەیە دروست نیە كاتژمێر ١١ی شەو كە دەڕوات بەدەنگێكی بەرز خواحافیزی بكەنو ژاوەژاو دروست بێت، بەشێوەیەكی تر ئەم ڕێزەی لێ بنێ لەژوورەوە قسەی خۆشو باسو خواسی تایبەت بكەن، بۆ ئەوەی هەست نەكات ئەمە بێ ڕێزیە، من نزیكەی ١١ساڵە لە وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبەم كەمیوانەكە ڕۆیشتە ئەودیوو دەرگاكەی ماڵی تۆ ئیتر لەسەر قادرمەكان لەگەڵی ناڕۆیتە خوارەوە"

مامۆستا كەمال، ئەركی هۆشیاری دەخاتە ئەستۆی هەموو لایەكو دەڵێت:" ئەوگروپە یان ئەو كەسەی كە دەڵێم ببێتە سەرپەرشتیار، پێویستە زوو زوو بەجۆرێک لەجۆرەكان گەنجەكانیانو منداڵەكانیان كۆببنەوە نمونەی بەرجەستەییو عەمەلیان بیر بهێنێتەوە، بۆنمونە هەربەدەم پێكەنینو سوعبەتەوە فلانەكەس ڕاپەڕی لەخەودا، خەوی لێ تێكچوو بێزاربوو، كۆمەڵێک نمونە بێنێتەوە كە ئەو منداڵانە هۆشیاربینەوە. دایكو باوكیش وەک بەرپرسێكی ناوخێزانەكەی خۆیان زوو زوو منداڵەكانیان ئاگاداربكەنەوە، وەكو چۆن ترافیكو ناوجادەكان گڵۆپی سوور هەیە دەبێت زوو ئەم منداڵەش گڵۆپێكی سووری بدەیتێ تا ڕا دێت، بۆ ئەوەی ماڵی خوارەوە بێزار نەكات".

كەمال ڕەئوف باس لەكێشەكانی نێو شوقەی كوردستان دەكاتو دەڵێت: "ئەوەندەی من بیستبێتم لەناو شوقەكاندا گلەییو گازندە هەیەو موراعاتی یەكتری نیە وەختێكی دەوێت لەزەمەن كە وا كلتورێكمان بۆ دروست بێت كە هەموو عورفو عاداتی خۆی بپارێزێت، بەڵام من لەهەندێ شوقەشدا بینیومە كە بەراستی پاكو خاوێنی هەیەو فەرش ڕێژیان كردوەو جوانیەكیان داوە بەقادرمەكان كۆمەڵێک گوڵی جوانیان تێدا داناوەو تابلۆیەک یان یەک دوو دێڕ شیعریان داناوە، هەر حەز دەكەیت بچیتە ناوی، ئەوشوقانەی كەكۆن بوون ئێستا جوانی وایان نەماوە، دەكرێت ئەگەر چەند ماڵێک بن كۆببنەوە بڕێک پارەپێشكەش بكەنو بۆچاككردنەوەی ئەوشوێنانەكە خراپ بوون، گرفت بەزۆری لەسەر ڕارەوەكەو دەرگاكەی دەرەوەیە نەک ناوەوە، ناوەوەی خۆت بەرپرسی لێی، ئەگەر ڕۆژانە یاخود هەفتانە منداڵەكانمان فێر بكەین كەڕارەوەكان پاک بكەنەوەوە فێری ئەركیان بكەین كەوا ژیان بەرپرسیارێتی تێدایە، هەم خۆشەویستیو تێكەڵیان بۆدروست دەبێت هەم ڕاگرتنی پاكو خاوێنی، خاوەن كۆمپانیاكان مادەم سودمەند ئەبن لە ڕوی مادییەوە، ئەركیانە ئەگەر خاوەن ئەزموون بێتو كۆمەڵێک ئەزموونی كۆكردبێتەوە بۆ پێكەوە ژیانێكی گونجاو چەند ڕێنمومایەک یان وەک دیاریەک لەشوێنێكی جواندا دابنرێت، یان بەوەرەقە دابەشی بكات بەسەر ماڵەكاندا شتێكی باشو گونجاوە، حكومەتیش ئەركێتی كەوا لێپێچینەوە بكات لەخاوەن كۆمپانیاكان، ئەگەر ناتەواویان هەبێت، ئەگەر یەكێكمان پەیڕەوی یاساكە ناكات یاخود نایەتە ژێر باری ئەم یاسایەوە دەبێت یاسایەک هەبێت بۆ لێپێچینەوەو سزادان.

شتێكی گرنگ كە فەرامۆش كراوە، لێرە مەسائیلی ئاگر كەوتنەوە لەشوقەكاندا جیاواز لەماڵی سەربەخۆیە، ئاگر كوژێنەوە دەستیەكان هەیەو دانراوە، بەڵام ئەگەر ئەم ئاگر كوژێنەوە دەستیە ئەگەر لەماوەی شەش مانگدا نەجوڵێنراو بەكارنەهێنرا ئێكسپایەر دەبێت، پێویستی بەجۆرێک لەشانۆگەری هەیە لەجێبەجێ كردنی كرداریو بەكارهێنانی ئەو ئامێرە، كە منداڵێكیش بتوانێ بەكاری بهێنێت لەكاتی حاڵەتی ئاگر كەوتنەوەدا".



# ژیان: مردن ... تەنیایی... پیریەتی

## "جگە لـەپـیـریـەتـیو مـردن ژیـــان پــڕە لـەچـێـژو هـەوڵـــدان"



ژیان خالید......................................

ترس نامان جوڵێنێت، ڕێگرمانە لە بەردەوامبوونو هەوڵدان بۆ سەركەوتن ڕۆژانە لەكەم ئەزموونیو نەزانی لەژیاندا، بەڵام كە ئەم هەستەمان نەما ئەوا خۆشو ئاسودەیی زاڵ دەبێت. ترس تەنها دەبێتە وشەیەكو هیچی تر، زۆربەی خەونو حەزەكانمان بەهۆی ئەم هەستەوە لەناو دەچێت، هەرچەندە پێویستە مرۆڤ ترسی هەبێت بەو ڕێژەیەی كە خودا دایناوە.

سروشتیە لەژیانماندا بترسین؟ چۆن بجوڵێینەوە لەگەڵ ئەو شتانەی لێی دەترسین؟ بۆ ئەم مەبەستەش ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی كۆمەڵێک گەنج دەكەینەوە؟

وەردە، كچێكی ٢٧ ساڵە، دەڵێت:" ئەو شتەی كە زۆر لێی دەترسم تەنیایەو زۆربەی كاتەكانم لەگەڵ هاوڕێكانم بەسەر دەبەم، هەروەها بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنمو نەدۆزینەوەی شەریكی ژیانم دەترسم لەدوا ڕۆژی خۆم، چونكە وا هەست دەكەم ژیانم تەواو نییە هەتا شەریكی ژیانم نەدۆزمەوە، هەموو تەمەنم تەنیابمێنمەوە"

فەرەیدونی تەمەن٣٠ ساڵ، دەترسێت لەڕۆشتنی تەمەنیو، دەڵێت:" زۆربەی كاتەكانم بیر لەمردنو چرچو لۆچی پێستم دەكەمەوە، هەندێ كات وا خۆم سەرقاڵ دەكەم بۆ ئەوەی هەست نەكەم كەبەرەو پیریەتی دەچم، پیریەتیو لاواز بوون تەنیا شتێكە لێی دەترسم"

خاتوو جەواهیرە، كە ٤٠ ساڵ تەمەنیەتی دەڵێت:" من دەترسم لە بەفیڕۆدانی كاتەكانم بەبێ سود، واهەست دەكەم لەجەنگدام لەگەڵ زەمانە، تەمەنم بەخێرای دەڕوات، جگە لەپیریەتیو مردن ژیان پڕە لەچێژو هەوڵدان، من دەمەوێت سودیان لێ وەربگرم تا دورترین سنوور".

شادی، تەمەن (٢٨) ساڵ، دەڵێت:" من دەترسم لەدەست چوونی یەكێک لەئەندامانی خێزانەكەم، هەمیشە دەڵێم خودایە كۆتایی من لەپێش كۆتایی هەموو ئەندامانی خێزانەكەم بێت".

ئاشتی، كەتەمەنی ٢١ساڵە دەترسێت لەنەگەیشتن بەئاواتەكانیو، دەڵێت:" دەترسم مەرگ مەودا نەدات ئاواتو خۆزگەكانم بهێنمەدی".

لەژیاندا زۆرشت هەیە لێی بترسین، بەڵام لەهەمووی گرنگتر خودایە، ئەمە وتەی ژینوسی، تەمەن (١٨) ساڵە كە دەڵێت:" خودا لەسەرو هەموو ترسەكانەوەیە، پاشان ڕۆژگارو پیریەتیو مردن بڕیار دراوە خۆلادان نیە لێی، زۆردەترسم پیرببمو لەتەنیایی ناترسم، چونكە مرۆڤ هەرگیز تەنیانیەو پێویستە هەردەم هەست بەبوونی خودا بكەیت".

تەنها ترسم لەمردنە، ئەمەش وتەی ئەحمەدی، ٢٦ساڵەكە دەڵێت:" كەبیر دەكەمەوە واهەست دەكەم ناتوانم لەژێر ئەو خاكەدا بمێنمەوە، لەجەستەو سەیارەو خانوو سەروەتم زۆردەترسم بێگومان هەموو مرۆڤێک لەمردن دەترسێت، بەڵام من هەمیشە وەک هاوڕێیەكی ناحەز لەگەڵمە"

ئەم گەنجە شتێک كە زۆر لێی بترسێت ئازارە، چونكە دەڵێت:" لە تەمەنێكی زۆربچوكەوە تووشی كۆمەڵێک نەخۆشی بوومو زۆربەی كاتەكانم لەنەخۆشخانە بەسەربردووە، حەزدەكەم لەش ساغ بم"

خاتوو ( لەیلا) وەک شارەزایەكی بواری كۆمەڵناسی دەڵێت:" ترس هەستێكی سروشتیە لەهەموو مرۆڤێكدا، بەڵام پێویستە وەک غەریزەیەكی بنەڕەتی نەبێتو نەترسێت، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤێک نییە ترسی نەبێتو نەترسێت، بەڵام هۆكارەكانی ترس لەكەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت بەپێ باری دەروونیو كۆمەڵایەتی، بەڵام ترسان لای ئافرەتان زیاترە وەک پیاوان، لەبەر ئەوەی پەروەردە دەكرێت لەبەر پابەندبوون بەزۆرێک لەسنورەكانو یاساكان، كاتێک زۆر دەترسێت ئەوا پشت بەخوا ببەستە زیاتر لەجاران، چونكە خودای گەورە لەسەروو هەموو شتێكەوەیە، بەئیمانەكەت هەوڵبدە سەركەویت بەسەر ترسدا، پێویستە هەردەم كارە باشو سەركەوتوەكانمان بیرخۆمان بهێنینەوە، بۆ ئەوەی تووشی داڕووخانو بێ ئومێدی نەبین، كاتێک نەخۆش دەكەوێت پێویستە بیر لەكاتە لەش ساغییەكانمان بكەینەوە، دەبێت فێرببین چۆن شتە ناخۆشەكان لەبیرخۆمان بەرینەوە بۆ ئەوەی نەترسین".